# جۆرەکانی ئاستەنگی پەیبردنی بینین (أنواع صعوبات الادراك البصری):

- ئاستەنگی جیاکردنەوەی بینین:
- ئاستەنگی داخستنی بینین (صعوبه الاغلاق البصری):
- ئاستەنگی یادگەی بینین
-
- ئاستەنگی پەیبردنی پەیوەندییە شوێنییەکان (صعوبة الادراك العلاقات المكانية):
- ئاستەنگی جیاکردنەوەی نێوان شێوەو زەمینە (صعوبة التمييز بين الشكل والأرضية):
- ئاستەنگی لە ریزبەند بینینی شتەکان (صعوبة التتابع البصری

- ئاستەنگی ناسینەوەی شتەکان و پیتەکان (صعوبة التعرف على الاشياء والحروف):
- 
- ئاستەنگی خێرایی پەیبردنی بینین (صعوبة سرعة الادراك البصری):
- ئاستەنگی پاڵپشتیی بینین جوولەیی (صعوبة التازر البصری الحرکی):

# چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی پەیبردنی بینین (علاج صعوبات الادراك البصری):

- **- بەهێزکردنی کارامەیی بینینە بەراوردکاری:** لێرەدا دەبێ منداڵ ئەو شتانە بناسێتەوە کە هەمان سیماو تایبەتمەندییان هەیە، ئەمەش یارمەتیی دەدات لە گەشەپێدانی پەیبردنی بە چەمکەکانی وەکو رەنگ و قەبارەو شێوە.
- **- بەهێزکردنی کارامەییەکانی بینینە پۆلینکاری:** دۆزینەوەی هاوشێوەیی لە نێوان کۆمەڵە جیاوازەکان و پاشان پۆلین کردنیان، وەکو کارتی پیشەی پزیشکی کە هەمووی کۆدەکرێتەوە، وەك ئەوەی ئامرازو کەرەستەی پزیشکی بن، بەم جۆرە کەرەستەو ئامرازەکانی چێشتخانە، یان کتێبخانەش.

- **- بەهێزکردنی کارامەیی بینینە وەبیرهاتنــەوە:** لێرەدا جەخت لە سەر دۆزینەوەی هاوشێوەیی و جیــاوازیی نێوان وورووژێنــەرە بینــراوەکان دەکرێــت و ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:
- جیاکردنەوەی نێوان پیتە هاوشێوەکان خ ج.
- جیاکردنەوەی ئەو پیتانەی لە شێوەدا بەیەکتری دەچن ح خ.
- بەستنەوەو گرێدانی وێنە بەو وشانەی بەڵگەو نیشانەی وێنەکەن.
- **- باشترکردنی یادگەی بینراو:** لە میانییەوە وورووژێنەرە بینراوەکان بە منداڵ پیشان دەدرێت، پاشان مامۆستا یەکێك لەو وورووژێنەرانە دەشارێتەوەو داوا لە منداڵەکە دەکات ئەو وورووژێنەرەی شاردوویەتییەوە دەستنیشان بکات.

- **- باشترکردنی جیاکردنەوەی شتە بینراوەکان:**

∆ دۆزینەوەی جیاوازیی نێوان دوو وێنە.

∆ هاوتاکردنی نێوان نموونەی پیتەکان و ژمارەکان.

∆ منداڵ جیاوازیی لە نێوان پیتە هاوشێوەکانی وەکو (س، ش) و ئەو ژمارانە بکات کە لە کاتی نووسین لێیانەوە نزیکن (٧ و ٨)، (6- 9).

- ـ **چارەسەرکردنی ڕاڕایی بینین:** لەم جۆرەیان وێنەیەکی ناتەواو دەدرێتە منداڵەکەو داوای تەواوکردنی بەشەکانی وێنەکەی لێ دەکرێت، بۆ نموونە داوا لە منداڵێك دەکەین بازنەیەك بە دەوری پیتی (د) دا بکێشێت لە ناو کۆمەڵەی ئەو پیتانەی خراونەتە بەردەمی
- ـ **چارەسەرکردنی پەیبردنی بینین جوولەیی:**

∆ بە دوای یەکتر بینینی پیتەکان و شێوە ئاسانەکان.

∆ وا لە منداڵ بکرێت لە هەوا یان لە سەر خۆڵ و لم پیتەکان بنووسێت.

∆ بەکارهێنانی مقەس و هەوڵی بڕینی کاغەزەکان.